ئۆتۆمبیل جێگەی زەوە كوللە دەگرێتەوە -ڕووداو-



## ئەی چۆن.. ئەرێ وەڵا

سەبەب زۆرە بەڵێ، قسەی جەنابتە.. دەردی خاڵم ئەڵێت لە پەنجەكانی پەنجەكێشی تێپەڕی كردووە كە وا لە ئینسان بكات ڕەخنەی جددی لە وەزعەكە بگرێت بەڕاستی یەعنی. مەسەلەن هەر دوور نەڕۆین چونكێكم باوكم پێ ی ناخۆشە ئەڵێ تووشی ڕەفیقی خراپ ئەبن بەڵام من وەك هاووڵاتییەكی ئەم دەڤەرە كە هەر خوا ئەزانێ چیمان بۆ نەكردووەو چەند جار لە عانی فانۆس داگیرساندنا دووكەڵ چۆتە چاومانەوە كەچی تەماشا نەكەی ئێستا خەڵكێكی تر هاتوونەتە سەر حازری بەبێ ئەوەی یەك جار لەپێناوی كوردایەتیدا شەونخونیان كێشابێت بەڵام ئێمە سەدان شەو سی دی گەعدەمان هێناوەتەوەو تا بەیانی تەماشامان كردووە هەمووشی بە نهێنی چونكە خۆتان ئەزانن ئێمە عەشایەرین. بەڵێ عەشایەرین‌و لە عەینی وەختیشا فۆكۆیاماو مایكڵ جاكسن ئەخوێنینەوە كەچی كەس ناڵێ ئافەرم. باشە ئەگەر مەسەلەكە دڵسۆزیی نەبێ بۆ ئەم خاك‌و ئاوەی كە شەو سەعات سێ‌و چوار بۆمانی بەر نەدەنەوەو هەمووشی هەر خڵتەو چەوێكی رووتە بەتایبەتی ئەوەی ماڵی ئەردەڵان كە خۆی موزەمیدە كەچی پوورە سەبیحم هەر پێ ی ئەڵێ دكتۆر چونكێكم نەخوێنەوارە. ئا ئا هەم خۆی نەخوێنەوارە هەم نەزیری كچی چاوی زۆر پیسە. بوختانی بۆ ناكەم بەسەری تۆ. هەم چاوی پیسەو هەم موستەفیدیشە لە وەزعەكە. بەیانیان هەشت‌و بیست دەققە ئەگاتە دەوام بەڵام چونكێكم براكەی ئەندام كۆمیتەیە كابرای پرسگە هیچ ناڵێ.. باشە ئەمە گەندەڵی نەبێ چی یە؟ ئێمە كە ئەو وەختە خەباتمان كرد بۆ ئەوەمان نەكرد بچیت ئەو خەڵكە تێكۆشەرە بكەیت بە چاوەوە. بەڵام ئێستا كەس بە كەس نیە. حەز ئەكەی بڕۆ ڕۆژی هەزار جار بەغیلی بە دراوسێ بەرە ئەسڵەن ئاسایش هەر قسە ناكات.

## فرتكە و پرتكە

لە مەعرەزا

مشتەری: كاكە گیان ئەم سەیارانە سیعریان چەندە؟

كابرای مەعرەز: كامانە ئەفەرمویت؟

مشتەری: پرادۆكانت عەرز ئەكەم

كابرای مەعرەز: سیعریان جودایە.. هەریەكەو سیعرێكیان هەیە

مشتەری: دە باشە، ئەوەی ئەوسەریان بایی چەندە؟

كابرا: فەرق ناكا برا.. هەمووی یەك سیعرە

+++

لە مەجلیسێكا كە دە پانزە پیاوی لێ بوو بەدەم چا خواردنەوە خەریكی قسەوباس بوون. مناڵێك بە سینییەكەوە هات‌و هەندێ لە پیاڵە بەتاڵەكان‌و شەكردانە پڕ شەكرە كلۆكەشی هەڵگرتەوە.. باوكەكەی هاواری لێكرد: ئەو شەكرە دانێرەوە هەتیو هێشتا گووەگەیان تەواو نەكردووە.